

# کیبۆرد ماڵ ئاوا

کیبۆرد (یان تەختەی دوگمەکان) سـەرەکیترین ئامرازی پێکـەوە گرێدانـی کۆمپیوتـەر و مرۆڤە. بەهـۆی ئەو دوگمانەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ فرمانەکان لەسەر کۆمپیوتەر جێبەجێ بکات، هـەر فرمانێك لە کۆمپیوتەردا بەهۆی ئەو دوگمانەوە جێبەجێ دەبـن، تایب کردنی دەقەکان گرنگترین ئەرکـی کیبۆردە. بەڵام بیل گیتس سـەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسـۆفت رایگەیاند کـە لەمەوبەولا لە سـاڵانی داهاتـوودا کیبۆرد نامێنێ و شـوێنی ئـەو پارچەیەکی لەمسی دەیگرێتەوە، یان تەکنەلۆژی دەنگ.

بەپێی پێشـبینی مایکرۆسـۆفت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتـوودا، گەڕان لە ئەنتەرنێتدا تەنیـا بەهۆی دەنگەوە جێبەجێ دەبێت.

## کیبۆردێک بۆ لایەنگرانی گەمەی ئەلکترۆنی



چـەنـدیـن جـار لـەم لاپەڕەیەدا لەسەر ئامێرە ئە لکتر ۆ نییە کا نی کـۆمـپـانـیـای فـراسـۆ بابەتمان بلاوکردۆتەوە، ئەو کۆمپانیایە هەمیشە بە دوای نوێگەریدا دەگـەڕێ. لە نوێت رین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراودا، کیبۆردێکە کە بە مۆدێلی FCR-Z6 ناسراوە. لە تەکنەلۆژیای وایەرلەیس سوود وەردەگرێ. ئەو کیبۆردە لەراستیدا تایبەتە بە گەمەی ئەلکترۆنی. چونکە کیبۆردی ناوبراو هـەروەکـو لەوێنەکەدا دەیبینن ئامێرێکی جیا لەخۆی لەگەڵدایە کە تایبەتە بە گەمە.

کیبـۆردی ناوبـراو 104 دوگمەی هەیە کە 27 لەو دوگمانە تایبەتن بە کردنـەوەی پرۆگرامەکان و 9 دوگمەی تریش بۆ چوونە ناو جیهانی ئەنتەرنێتە. کێشـی ئەم کیبۆردە کیلۆیەکە و لە گەڵ هەموو ویندۆزەکانیش دەگونجێت.

## ماوسێک وەک جۆی ستیک



جۆی ستیك، ئامێرێکە تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی، ئەوەی کە لە پلەی ستەیشندا هەیە، لەم هەرێمە زیاتر بە دەستە یان یەدە ناسـراوە. ماوسی Wow-penjoy دروست لەسەر شێوازی جوی ستیکە.

ئـەم ماوسـە لەیزەرییـە و وایەرلەیسـە. دیقەی ماوسەکە ٨٠ خاڵـە لـە ئینجێکدا.کارکردن لەسەر ئەم ماوسـە زۆر ئاسانە و لە دەستتان خۆشە.

کێشەکەی ٢٠٠ گرامە و لەگەڵ زۆربەی ویندۆزەکانیش دەگونجێت.



# به پرۆگرامی Themes Creator تێمەکانی مۆبایلەکەت بگۆڕیە

ئەوانەی مۆبایل بەکاردێنن بەتایبەت گەنجان هەمیشە حەزیان لە نوێکارییە، حەزدەکەن ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانکاری لە مۆبایلەکەیان دا بکەن، (Theme) واتە باکگراوندی شاشە و ئەو ئایکۆنانەی لەسەردیسکتۆپی مۆبایل و شێوەی فایل و پرۆگرامەکان. زۆر سایتی ئینتەرنێت هەیە کە هەندێکیان بە پارە و هەندێکیان بێ بەرامبەر (Theme ) دەبەخشن. کەچی بە پرۆگرامی Themes Creator بەکارهێنەر خۆی دەتوانێ (تێم)ی نوێ بۆ مۆبایلەکەی دابنێ. یان (تێم)ەکانی خۆی دەستکاری بکات. لە لای ڕاستی ئەو پرۆگرامە شێوەیەکی گشتی لە (تێم) بە ئێوە نیشان دەدات. لەلای چەپیش دەتوانی گشت گۆڕنکارییە پێویستەکان لەسەر تێمەکە بکەی. هەروەها بە فرمانی Reset کە لەسەرووی لاپەڕیەیە دەتوانی قەوارەی فایلەکەی خۆی ببینی و کۆنترۆڵی بکەی. دەتوانن بە هەڵبژاردنی فرمانی Import وێنەکەی دڵخوازی خۆیتان هەڵبژێرن یان بە هۆی فرمانی Remove بیسڕنەوە. کارکردن لەسەر ئەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە.



# نوکیا و نوێترین تەکنەلۆژیای مۆبایل



نوێترین و سەرسوڕهێنەرترین تەکنەلۆژیای مۆبایل نۆکیا، مۆبایلێکە کە بەم زووانە دێتە بەرهەم و بە مۆبایلی مۆدێل Morph ناسراوە، شایانی باسە بڕیار وایە لە بەرهەمهێنانی ئەو مۆبایلە نوێیەدا زانکۆی کۆمبریجی بەریتانیا بەشداری بکات لەگەڵ کۆمپانیای نۆکیا. بەمجۆرە ئەو هاندە بە پشتیوانی گروپێکی زانستی بەهێزو کۆمەڵێك لە تەکنیسەری



پێشکەوتوو دەکرێ سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بەدەست بێنێ. لە تایبەتمەندییە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەو مۆبایلە ئەوەیە کە وەك پارچە کاغەزێك دەنوشتێتەوەو لوول دەدرێ، بەجۆرێك کە لوولدانی هیچ زیانێك بە پارچە ئەلکترۆنییەکانی ناوەوەی ناگەینێت، بەڵام بەپێی دوایین ئاگادارییەکان ئەم مۆبایلە تا ماوەیەکی درێژخایەن ناکەوێتە بازاڕەوە.

# ماوسی کۆمپیوتەر لە خزمەت جیهانی پزیشکیدا



بەهۆی داهێنانی ماوسێکی نوێیەوە ئەوانەی ئەرکی تیشك لە نەخۆشخانەکان و تاقیگاکاندا بەڕێوە دەبەن، ئاسانکارییەکی زۆریان دەستەبەر دەبێ..بە هۆی ماوسێکی سێ ڕەهەندی دەتوانن ئەندامەکانی دەروونی مرۆڤ ببینن. لەم تەکنەلۆژییە نوێیەدا لەو وێنانەی کە لەسەر شاشەی ئەو ماوسە دەردەکەون بە وردی ئەندامەکانی دەروونی نەخۆش تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرێ. دەرکەوتنی دیمەنی وێنەی ئەندامەکانی دەروونی جەستە وەك هەناو و جگەر لەسەر شاشەی ئەم ماوسە، دەبێتە هۆی ئەوەی دکتۆر و پسپۆرەکان لێکدانەوەیان لەسەر وێنەکان وردتر بێ. لەم شێوازە نوێیەدا لەبری سوود وەرگرتن لە ماوس و کیبۆرد، تەنیا لە ماوسێکی سێ ڕەهەندی سوود وەردەگیرێ.

# ماوسێک تەنیا خاوەنەکەی دەناسێ

بەدوای پەرەسەندنی سیستەمە نوێیەکانی پاراستنی نهێنی تاکەکەسی، هەموو رۆژێ هەواڵێکی نوێ سەبارەت بەو سیستەمە نوێیانە بڵاودەبێتەوە. وەك مۆبایلێك کە تەنیا خاوەنەکەی دەناسێ و ئۆتۆمبێلێك کە بە فەرمانی خاوەنەکەی نەبێ بە هیچ کەسێکی تر نائاژوترێ. لەم دواییانەدا ماوسی تاکەکەسیش هاتۆتە بەرهەم کە تەنیا یەك کەس دەناسێ. ئەو ماوسە کە لەلایەن کۆمپانیای Fujitus دروستکراوە توانای ناسینی خاوەنەکەی خۆی لە رێگای هێڵی پەنجەکانی دەستەوە هەیە، واتە پەنجەمۆر وەردەگرێ. لەسەرەتادا ماوسەکە پەنجەمۆرێك لە خاوەنەکەی وەردەگرێ و دواتر هەرکەسێکی تر کە هێڵی پەنجەکانی وەك ئەو نەبێ ئیزنی کارکردنی پێ نادات. هەمووڵایەکیش ئاگادارن کە هیچ کەس پەنجەکانی دەستی وەك یەك نییە.





# سپیکەرێکی وایەرلەیسی لەسەر شێوەی هێلکە

کۆمپانیای KEF کە بەرهەمهێنی سپیکەرێکی ئامێرەکانی ماڵەوە و کۆمپیوتەرە، لەم دواییانەدا نوێترین سپیکەری هێناوەتە بەرهەم. ئەو سپیکەرە کە بە ناوی KHT1005/2 ناسراوە. ئەم سپیکەرە چوار بڵندگۆی هەیە. ئەم بڵندگۆ هێلکەییانە قەوارەکەیان لە 11/5 بە 11/5 ئینجییە. کە هێزی بڵاوکردنەوەی هەرکامیان دەگاتە 4 وات.



# جگەرەش بوو بە ئەلکترۆنی

کۆمپانیایەکی چینی جۆرە جگەرەیەکی هێناوە بەرهەم کە رێژەیەکی زۆر کەمی نیکۆتین تێدایە و هیچ چەشنە مادەیەکی زیانمەندی بۆ مرۆڤ تێدا نییە و نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکانی لێ ناکەوێتەوە. دوکەڵەکەی لە هەڵمی ئاووە پێك دێت.

ئەم جگەرە ئەلکترۆنییە کە بە (Crown7) ناسراوە، وەك قەڵەمێك دەچێت و باترییەك دەخوات، ئامێرێکی بچوکی هەڵم ساز، مادەیەکی بۆنخۆش و ماددەی گلیکول پروپلینی تێدایە، بە دوورە لە مادەی کیمیایی.

ئەو جگەرە ئەلکترۆنییە شەحن دەبێتەوە، فیلتەری بچوکی تێدایە لەبری نیکوتین و توتن ئاوی تێدەکرێ. جگەرەی (کراون7) سێ جۆری هەیە، (گەورە، بچوك، پایپ). بەپێی راپۆرتی رۆژنامەی نیویۆرك پۆست، بە کێشانی ئەو جگەرەیە هیچ چەشنە نیکوتین ناچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە: دوکەڵێك کە لەم جگەرەیە دێتە دەر لە ماوەی چەند چرکەیەکدا نامێنێ چونکە لە هەڵمی ئاو پێکهاتووە.

## MP3 Player یان چاویلکە

سەرتان سوڕ نەمێنێ، ئەوە چاویلکە نییە بگرە وەك هەموو MP3 playerێـك دەکرێ بەهۆیەوە گوێ لە گۆرانی بگـرێ. ئەو چاویلکەیە دژە ئـاوە. کە لەلایەن کۆمپانیـای Iriver وە هاتۆتـە بەرهـەم و بە مۆدێلی IFP38t ناسـراوە. بەڵام کێ دەتوانێ بچێتە قووڵایی دەریـا و لەوێدا گوێ لە گۆرانـی بگرێ!! میمۆری ئەو ئامێرە تەنیـا 128 میگابایتـە و دەتوانێ 30 فایلی لەسـەر خەزن بکرێت (باشـە بۆ نێو ئاو ئەوەندەش بەسە). هیدفۆنەکانـی ئەو MP3 PLAYER، دژی ئاوەو بە جیا لە ئامێرەکەیە.



## فایل و فۆڵدەر بەناوی con و Auxیش دروست دەبێ



گەلێك جاران لە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کۆمپیوتەردا هاتووە، کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە کە تا ئێستاش پێی چارەسەر نەکراوە، ئەویش ئەوەیە کە فایل و فۆلدەر بەناوەکانی (-com-com1-com2-com3 com4-lpt1-lpt2-aux-prm....) دروسـت ناکرێت. لەهەندێك ڕۆژنامەشـدا خەڵات دەستنیشانکراوە بۆ ئەو کەسـانەی کە فایل بەو ناوە دروسـت بکەن. لە راستیدا ئەوە راست نییە کە دەڵێن هەڵەی کۆمپانیای microsoft، یان دەڵێن (بێل گێتس)یش نازانێت چارەسـەری بکات، ئەمە ڕێگا چارەکەیەتی.

- سـەرەتا برۆ سەر لیسـتی Start لەوێش فرمانی Run بکەوەو پاشـان بنووسـە CMD ئـەوکات پەنجەرەیەکی رەش دەکرێتەوە.



- لەناو ئەم پەنجەرەیە بنووسە Md\\.c:\com
- ئێسـتا برۆ نـاو هاردی C: دەبینی فایلەکە دروسـت بووە.

(کاك سـۆران ڕێگا چارەیەکی ئاسانتر هەیە، کە پێویست بـەو هەمــوو ئاڵۆزییە ناکات، ئەویش لەسـەر ئەو فایلە یان فۆلدەرەی کـە نیازت هەیە ناوەکەی بـەم ناوانەی ئاماژەت پێکردن بگۆڕی، ناوەکەی ئەکتیڤ بکە و کلیکی لای راست دابگرە، هەر کام لەو فرمانانە هەڵبژێری دەتوانی ناوەکە بگۆڕی، بەڵام ئەوە لە ویندۆز XP و ڤیستادایە—فایلی IT)

**ئا: سۆران عەزیز**



## پرۆگرامی IsoBuster pro کۆپی کردن و گەڕاندنەوەی زانیاری ئەو CDیانەی تێکچوونە

CDیان DVD ئەو ئامرازانەی داکردنی داتا وزانیارین، بەڵام بەهۆی تەنکی و ناسکیان و نەگونجانیان لـەگـەڵ هەموو کەش و هەوایەك زوو تێك دەچن، زۆرجاران زانیاری زۆر گرنگمان لـەسەر CDیـەك خـەزن کراوە کە لەسەر هیچ کۆمپیوتەرێك نایخوێنێتەوە و جغزی تێکەوتووە و بە تـەواوی تێکچووە. بەڵام بەهۆی پرۆگرامی isobustere pro دەتوانی گشت فایل و وێنە و فیلمەکان بگێڕیەوە. ئەو پرۆگرامە لە گشت فۆرماتەکانی سی دی و دی ڤی دی پشتیـوانی دەکـات. پرۆگرامی isobustere pro دەتوانێ هەمـوو تـراکـەکـانی سـی دی بخوێنێتەوە. بە کورتی تواناکانی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن:

خوێندنەوەی و دەرخستنی گشت جۆرەکانی وێنـە لـە DVD و CD. توانای گێڕانەوەی فایل و فۆلدەرە تێکچووەکان. گێڕانـەوەی ئـەو فیلمانەی کە بـەهـەر هۆیەك بێ تێکچوونە. پشتیوانی کردن لە فۆرماتی CDیە کۆنەکان. خوێندنەوەی ئەو فایلانەی بە کۆمپیوتەری ماکینتۆش کراون. پشتیوانی کردن لە ٤٢ زمان و چەندین توانای دیکەش